# حاكمەكانی سلێمانی بە منالّ دەوێرن ، حاكمەكانی هەولێر بە ڕۆشنبیر دەوێرن،
# هەردووڵاش كۆیلەی داگیركەران و دابەشكەرانی كوردستانن

دكتور فایق محەمەد گوڵپی

ئەم مانشێتەی سەرەوە واقعی ڕابوردو (سەردەمی ڕژێمی سەدام ) و ئەمڕۆی (ئیدارەكانی كوردستان) ی دەسەڵاتی دادوەری كوردستان نیشانئەدات ، بۆ ئاینده چۆن دەبێت ئەوە خەباتی دیموكراتیانەی گەلی كورد دەزانیّ .

حاكمەكانی سلێمانی : هاوینی ساڵی 2001 سەرۆكی بەڕێوەبەرایەتی تەندرووستی شاری سلێمانی بووم ، شەوێك سەیری بەرنامەیەكی گاڵتەجاڕی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستانم ئەكرد ، گوێم لە گفتووگۆی نێوان دوو ئەكتەر بوو ، یەكیان بەوی تری دە وت وەك دكتور (شش) تەمەنی منالّەكەت گەورە كرد تا سزای سێدارەدان بیانگرێتەوە. ئەم دیالۆگەی نێوان ئەكتەرەكان زۆر كاری تێكردم ، بۆ سبەینیّ پێوەندیم بە برادەرانی بەرنامەی ( هەمەڕەنگ) وە كردوو یەكێكیان هاتە لام . دوای پرسیار كردن ناوی ئەو دكتورانەی پێوتم كە لەو بڕیارەدا بەشداریان كردووە ، دواتر وتم شاهیدت هەیە كە ئەم قسەیە ی ئێوە ڕاست بێت ، وتی بەلّیّ ، وتم كیّ شاهیدە ، كاك (ئا.ج.م) وتی خۆم شاهیدم ، خۆم منالّ بووم تەمەنم گەورە كرا .خەریك بوو مێشكم ئەتەقی وتم چۆن خۆت ؟، وتی من یەك لەو منالاّنە بووم كە تەمەنم گەورە كرا بەلاّم باشبوو سزاكەی من سێدارەدان نەبوو ، 17 ساڵ حوكم درام دواتر لە عەفواتێكدا ئازاد كرام .

بە تەواوی بڕوام بە قسەكەی كاك ئا.ج.م نەكرد ، ناردم بە شوێن بەرپرسی بەشی لێژنە پزیشكیەكاندا (ئەو فەقیرە لە ترسا هەموو گیانی دەلەرزی ) .ژمارەیەك لەو فایلانەی بۆ هێنام كە تەمەنی مندالّەكانی پێگەورە كرابوو . ئنجا بە تەواوی ڕاستیەكەم بۆ دەركەوت و بڕوام بە قسەكانی بەرنامەی هەمەڕەنگ كرد .

ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەوە بو كە لە حاكمەكانی شاری سلێمانیەوە ، داوا لە لێژنە پزیشكیەكان كرابوو كە بە گۆمانین لە ڕاستی تەمەنی ئەم تاوانبارانە ، تكایە بەپشكنینی پزیشكی تەمەنی ڕاستەقینەیمان بۆ بنێرن . لێژنەی پزیشكیش ، بە كاری خۆی هەساتبوو ،تەمەنی منالّەكانی زیاد كردبوو و زۆربەیان لە سیدارەدران . ئەمە ڕاستیەكە هەموو خەلّكی شاری سلێمانی دەیزانن ، بنەمالّەی شەهیدەكانیش چەندین جار شكاتیان لە دكتۆر و حاكمەكان كرد ،بەلاّم حزبی دەسەڵاتداری سلێمانی لە گەڵ ئەوەشدا شەهیدەكان سەر بە ڕێكخستنەكانی (ی.ن.ك) بوون ورتەیەكی لە دەم نەهاتە دەرەوە و كەیسەكەی داخست.

لە لایەكەی ترەوە ئەوەی كە لە بەرامبەر من ڕاست بوویەوە ئەوە بوو : یەك لەو دكتورانە ناوی لە لێژنەی درێژكردنی تەمەنی منالّەكاندا هەبوو لەو كاتەدا وەزیری تەندرووستی ئیدارەی سلێمانی بوو (د.یادگار) ، وە لەو كاتەدا بەڕێزێك سەرۆكی حكومەتی ئیدارەی سلێمانی بوو (د.بەرهەم ) كە باوكی حاكم بوو . بۆیە دوای چەند ڕۆژێك لە هەوڵی بە دوادا چوونی من بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی درێژكردنەوەی تەمەنی منالّەكان ، بڕیاری دەركردنم لە پۆستی بەڕێوەبەری تەندرووستی شاری سلێمانی بۆ دەرچوو .ماوەیەك دواتریش نازانم بەرنامەی هەمەڕەنگ چۆن لە ناوچوو .

كە زۆر لە دۆزی ئەو منالاّنەو بنەمالّەكانیان كۆڵیمەوە بۆم دەركەوت كە هەموویان لە خێزانی هەژارن ، حزبی دەسەلاّتداریش كە جاران لە شاخ بوو زۆر خۆی بە پارێزەری مافەكانی هەژاران لە قەلّم ئەدا ، بەلاّم كە گەیشتە دەسەلاّت ڕاستینەی وردە بۆرجوای خۆی دەرخست و بەرەو بۆرجوای كومبرادۆر هەنگاوی نا و هەژارانی لە بیر كرد . وای بۆ دەچووم ئەم ڕووداوە جارێكی تر دووبارە نابێتەوە ،كە تیایدا حاكم و دكتور زۆڵم لە منالّ بكەن .

28 -3-2005 من بۆ پرسەی كەسێكی نزیك چووبوومە مزگەوت ، تا گەڕابوومەوە كورەكەم سەرپێچیەكی ئەنجامدابوو ، تەمەنی 15 ساڵ بوو لە گەڵ خۆشكیدا سەیارەیان لە مالّەوە دەركردبوو ، لە كۆلاّنەكانی نزیك مالّمانەوە ویستبوویان بچنە مالّە خزمێك . مەفرەزەی هاتووچۆ دەستیان لێڕاگرتبوون لە ترسانا نەوەستابوون ، مەفرەزەكە لە باتی ئەوەی ژمارەی سەیارەكە بگرێت ، بە ناو كۆلاّنەكانی گەڕەكی ڕزگاریدا بە شوێنیان كەوتبوون ، لە بەردەرگای مالّەكەماندا گرتبوویان و باش لێیاندابوو . كە گەڕامەوە ، بینیم كورەكەم دەم و ددانی خوێنی لێهاتووە ، قۆڵی ڕاستی بریندار بووە . چی بكەین و چی نەكەین بڕیارماندا شكات بكەین ، هەر بەو شەوە لە بنكەی پۆلیسی ڕزگاری شكاتمان تۆماركرد و ڕاپۆرتی پزیشكیمان لە نەخۆشخانە بۆ نووسرا ، بە تەمابووین یاسای هەرێمی كوردستان مافی منالّەكەمان بۆ بسێنێتەوە. بە بڕیاری حاكم چەندین جار كوڕە لێدراوەكەی من بۆ بنكەی پۆلیس بانگكرا و لێكۆڵینەوەی توندو تیژی لە گەلّكرا ، بە هەزار حالّ بە كەفالەت ئازاد كرا . ئێستەش و ئەوساش نە بەرپرسی مەفرەزەی مروور ملازم ............نە كەسێك لە ئەندامانی مەفرەزەكە بۆ بنكەی پۆلیس و دادگا بانگ نەكران و كێشەكەیان داخست و پارێزەرەكەمان وتی مافی تەمیزیشتان نەماوە .

ئاخۆ هەڵویستی ئەو جۆرە منالاّنە لە سەر شەقاوەكانی مرووری سلێمانی و دەسەلاّتی ئیدارەی سلێمانی و حاكمە نا عادلەكانی لە ئایندەدا چی بێت ؟

حاكمەكانی هەولێر : من لە هەولێر دانانیشم ، بەلاّم لە دوورەوە لە سەر چالاكی حاكمەكانی هەولێر دەبیستم و دەخوێنمەوە ، هێندەی هەوالّی سزادانی ڕۆشنبیرانم لە بڕیارەكانی دادگای هەولێر بیستووە ، نیو هێندە هەوالّی سزادانی تاوانباران و پیاوەكانی ڕژێمی سەدامم نەبیستووە .

ئاگام لێیە حاکمەکانی هەولێر سزای گرتنی دەیان ڕۆژنامەنووسیان دەرکردووە : ئاسۆس هەردی ، مەم برهان قانع ، د.کەمال سەید قادر و هی تر .
ئەوەی ئەم ئێوارەیە لە هەواڵەکانی کوردستاندا دووچاری سەرسوڕمانی کردم ئەو سزا 30 سیساڵیە بوو کە دادگای هەولێر بە پەلە بۆ دکتور کەمال سەید قادری بڕیەوە ، من ناڵێم دکتور کەمال دادگایی نەکرێت و لەگەڵ ئەو زمانەشی نەبووم کە بەرامبەر بە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو بارزانی بەکاری دەهێنا ، بەڵام ئەی بۆچی شێخ زانا و تیرۆریستەکانی تریان پێش د.کەمال دادگایی نەکرد ؟ من دەپرسم بۆچی بە خشکەیی بە بێ بوونی پارێزەر (د. کەمال لە نامەکەیدا ئەو پارێزەرەی قبووڵنیە کە بۆیانداناوە) سزایاندا ، ئەریٰ بە کام یاسایە کەسێك لە سەر جنێودان و هەڵبەستن (گریمان وابوو) سزای 30 سی ساڵی بۆ دەبڕێتەوە . دیارە ئەو دادوەرانەی بە ئارەزووی سەرانی داگیرکەر داوای درێژکردنی تەمەنی مناڵەکانیان ئەکرد بۆ ئەوەی لە سیدارە بدرێن ، هەر ئەوانەن بە ئارەزووی دابەشکەرانی کوردستان یاسا دەکشێنن و دەیگونجێنن تا بۆ دکتور کەمالیش 30 ساڵ سزا ببڕنەوە .
لەولاشەوە چەندان کەسی وەك ئەوانەی تەمەنی مناڵیان درێژکردوە و ، کەسانی گەورە تاوانباری وەك شێخ جەعفەر بەرزنجی کۆنە پارێزگاری سلێمانی کە ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەی شەهیدانیش شکاتیان لێکردووە ، بە ئارەزووی خۆیان دەگەڕێن و کەس ناتوانیٰ لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات . لێرەدا مافی هەموو تاکێکی گەلی کوردە بە چاوی کەم سەیری دەسەڵاتی دادوەری کوردستان بکات و بڵێت دەسەڵاتێکی دەسکەلای حزبە و سەربەخۆ نیە ، مافی هەموو کەسێکە بڵێت حاکمەکانی سلێمانی بە مناڵەکانمان دەوێرن ، سزای گرتن و لە سێدارەدانیان بۆ دەرئەکەن ، ئەوانەی دەستدرێژی ئەکەنە سەر منالان لە بەر ئەوەی بەرپرسی دام و دەزگای داگیرکەران بوون ، یان بەرپرسی دامو دەزگای دەبەشکەرانی کوردستانن لە یاسا پارێزراون و یاسا نایانگرێتەوە هەرکارێك بکەن ئازادن و دادوەر نابیٰ لێپرسینەوەیان لە گەڵدا بکات و دەبیٰ بیانپارێزێت .
مافی هەمووکەسێکیشە بە هەموو دەنگی خۆی هاوار بکات دادوەرەکانی هەولێر بە تەنها بۆ ڕۆشنبیران سزا دەبڕنەوە و گەورە تاوانباران دەپارێزن .
مافی هەموو کەسێکیشە بە دەنگی بەرز هاوار بکات دادوەرەکان ئازاد نین لە دادگاییکردندا ، دادگاکانی کوردستان سەربەخۆ نین ، لە رابوردوودا کۆیلەی دەستی دەسەڵاتی داگیرکەری کوردستان بوون ، لە ئێستەشدا کۆیلەی دەستی دابەشکەرانی کوردستانن .لە کۆتاییدا دەڵێم ئافەرین دادوەری کورد بۆ خۆت و غیرەتت !! .

2005-12-19